13
14

راپۆرتی پێشێلکاری

لێژنەی داکۆکی لە
ئازادی رۆژنامەنووسی و
مافی رۆژنامەنووسان
لە کوردستان

لە 2014/01/01
تاکو 2014/12/31

Sendîkay
Rojnamenûsanî Kûrdistan
Hewlêr 17.9.2014

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

چلەی ماتەمینی رۆژنامەنووسی شەهید

دەنیز فورات بەرز رادەگرێت

Sendîkay Rojnamenûsanî Kûrdistan

Çiley Matemînî Rojnamenûs

Denîz Firat Beriz Radegrêt

سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان

هەولێر
2014/9/17

هەولێر 2014/9/17 - هۆڵی میدیا

راپۆرتی 13-14ی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان

لە 2014/01/01
تاکو 2014/12/31

پێشەکی

بەرفراوانبوونی پانتایی ئازادییە گشتییەکان و ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەگەری بنەمایی سەرەکی بەرەوپێش چوونی پرۆسەی دیموکراسی و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنییە کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەبێت، لەم روانگەوە لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەر شەش مانگ جارێک ڕاپۆرتی خۆی لەسەر ڕەوشی رۆژنامەگەری و ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەردرێت، بڵاودەکاتەوە، لێرەدا هەردوو راپۆرتی 13 و 14ی پێشێلکاری لە ساڵی 2014، دەخاتە بەردەستی رای گشتی، هەرچەندە لە کاتی خۆیدا راپۆرتی (13)ی پێشێلکارییەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2014 بڵاوکرایەوە، بەڵام وەکو نامیلکە چاپ نەکرا.

ئاماری پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2013، لەرووی ئامار و جۆری حاڵەتەکان، بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ژمارەی پێشێلکارییەکان لەساڵی 2014دا، (33) حاڵەت بووە بەرامبەر (58) رۆژنامەنووس، لەکاتێکدا ساڵی 2013 (49) حاڵەت بەرامبەر بە (75) رۆژنامەنووس تۆمارکراوە، بەخۆشحاڵییەوە هیچ حاڵەتێکی تیرۆر بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لە ساڵی 2014 تۆمار نەکراوە، جگە لە شەهید بوونی کچە میدیاکار (دەنیز فورات) کە بە دەستی چەتەکانی داعش شەهید کرا.
بەپێویستی دەزانین چەند سەرنجێک لەسەر ڕەوشی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بخەینەڕوو:

1. هێشتنەوەی کەیسی تیرۆری رۆژنامەنووسان بۆ ماوەیەکی درێژ و یەکلایی نەکردنەوەیان لە دادگاکان.
2. وێڕای ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بایەخەوە ڕاپۆرتەکانی لێژنەی داکۆکی هەڵدەسەنگێنن و لێژنە بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکان پێکدەهێنن، بەڵام بە داخەوە ڕێکاری پێویست ناگرنە بەر بۆ سزادانی سەرپێچی کارانی یاسا دەرهەق بە رۆژنامەنووسان.

3. نەبوونی گرێبەستی یاسایی کارکردن لە نێوان رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی میدیا، کە ئەرک و مافی هەردوو لای تێدا دەستە بەر کردبێت، هۆکارێکە بۆ پێشێلکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە هەندێک

کەنالّی میدیا وەکو لە مـاددەی (7)، بڕگەی (7)ی یاسای رۆژنامەگەرییدا هاتووە، کە ئەمە پێشێلکارییە بەرامبەر بە مافی رۆژنامەنووسان.

4. بایەخنەدانی هەندێک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی لە گرنگی ڕۆڵّی میدیا لە بـەرەو پێش بردنی کۆمەڵگا لە سەرجەم بوارەکاندا.

5. سەرەڕای بوونی پرۆتۆکۆڵ لە نێوان ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی سەندیکا، کە دەقی پرۆتۆکۆلەکە لەگەڵّا ئەم راپۆرتە هاوپێچە، بەڵّام هەندی جار لە دادگاکان بە پێی یاسایی رۆژنامەگەری ژمارە (35) لێکۆڵّینەوە لەگەڵ رۆژنامەنووسان ناکرێت.

6. هەندێک لە بەرێوبەرایەتییەکانی پۆلیس، پسوولەی ئـاگـادارکـردنـەوەی رۆژنـامـەنـووسـان بـۆ سەندیکا دەنێرن، ئەمەش پێچەوانەی ماددەی 8ی بڕگەی 1، یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە (35)ی سالّی2007ە، کە تێیدا هاتووە: (لەکاتی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە رۆژنامەنووس کە بەکارێک تۆمەتبار دەکرێ پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگادار دەکرێتەوە)، سەندیکای رۆژنامەنووسان لایەنی (مبلغ) نییە.

7. لەڕووی پیشەییەوە:

ئەلیف: کەم ئەزموونی هەندێک لە رۆژنامەنووسان و میدیاکان لەسەر پێوەر و پرنسیپەکانی کاری رۆژنامەنووسی لە کاتی گواستنەوە و ڕومالّکردنی ڕووداوە نـەخـوازراوەکـان، بـە تـایبـەتـیش لە گواستنەوەی هەواڵّی شەڕوپێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردسـتـان و چـەکـدارانـی تیرۆرستی داعـش، کە هەندێک جار ئەو هەواڵ و راپۆرتانە کاریگەری نەرێنی و خراپ لەسەر ئاسایشی نیشتمانی دەبێت، هەروەک لە بەیاننامەی سـەنـدیـکـای رۆژنـامـەنـووسـان کـە لـەرۆژی 2014/6/16 دا هاتووە.

با: ئەنجامدانی هەندێک بەرنامە لە میدیاکان، بە تایبەتیش رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، لە جیاتی ئەوەی گوتارو بەرنامەکان ببنە هۆکار بۆ قوڵّکردنەوەی ڕۆحی تەبایی و پێکەوەژیان و یەکڕیزی نیشتیمانی، دەبێتە هۆکاری لێکترازان و نانەوەی پشێوی و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵّایەتی.

جیم: پەخشکردنی هـەندێک دیـمـەن و گرتەی ڤیدیۆیی، کە لەرووی سایکۆلۆژییەوە کاردانەوەی خراپییان لێدەکەوێتەوە.

8. جیاوازی کردن لەپێدانی زانیاری بەسوود لەنێوان رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن لەلایەن هەندێک لە دامودەزگاکانی حکومەت و بەرپرسان، کە ئەمە پێشێلکردنی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری و یاسای رۆژنامەگەرییە لە هەرێمی کوردستان.

9. جـیـاوازی کـردن لـەنـێوان رۆژنـامـەنـووسـان و نەبوونی هیچ پێوەرێکی پیشەیی بۆ یاوەری کردنی رۆژنامەنووسان لە چوونی شاندەکانی حکومەت بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

لـە کـۆتـاییـدا پێویستە بگـوتـرێت سـەرجـەم ئـەو پێشێلکارییانەی لـەدووتـوێـی هـــەردوو راپـۆرت تـۆمـارکـراون، لـەلایـەن لیژنەی داکۆکی سەندیکای رۆژنـامـەنـووسـانـەوە بـەدواداچـوونـیـان بـۆ کـراوەو پشتڕاست کراونەتەوە، بەهیواین و کاریش دەکەین بۆ ئەوەی سالّی 2015 سالّی زیاتر کەمبوونەوەی پێشێلکارییەکان دژ بە رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن و سەروەری یاسا بێت.

لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان
2014/12/31

راپۆرتی 13

لـــه 2014/01/01 تاکو 2014/60/30

هەوڵی کوشتن | (2) حاڵەت

داخستنی نووسینگە راگەیاندن | (1) حاڵەت

لێدان | (7) حاڵەت

راگرتن (التوقیف) | (1) حاڵەت

ڕێگەنەدان | (3) حاڵەت

هەڕەشە | (5) حاڵەت

www.kurdjs.com
kurdjs@kurdjs.com

twitter.com/Kurdjs

facebook.com/Rozhnamanoosan

هەوڵی کوشتن | (2) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	هۆشەنگ یاسین حەسەن	پەیامنێر	زاگرۆس تی ڤی	2014/4/30	کەرکووک	بە مەبەستی ڕووماڵکردنی هەواڵێك لەسەر ئەنجامدانی ساختەکاری لەنێو ئۆتۆمبێلێك کە چوار کەسی تێدا بووە لە گەڕەکی شۆڕیجە، لەلایەن یەکێك لەو چوار کەسە تەقەی لێدەکرێت و بە سەختی بریندار دەکرێت، ئێستاش کەیسەکەی لە دادگایە.
2	فوئاد عوسمان	نووسەر و ڕۆژنامەنووس	ڕۆژنامەی الاتحاد	2014/6/3	هەولێر	لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە چوارڕیانی عەنکاوە، لەلایەن دوو کەسەوە تەقەی لێدەکرێت و چەند فیشەکێك بەر ئۆتۆمبێلەکەی دەکەوێت.

داخستنی نووسینگەی ڕاگەیاندن | (1) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	گۆڤاری ڕۆژی وڵات نووسینگەی ئاژانسی هەواڵی دیجلە	2014/5/19	هەولێر دهۆك زاخۆ	لەلایەن هێزەکانی ئاسایش لە شارەکای هەولێر و دهۆك و زاخۆ، نووسینگەی گۆڤاری ڕۆژی وڵات و نووسینگەی ئاژانسی هەواڵی دیجلە دادەخرێن و دەست بەسەر کەل و پەلە ڕۆژنامەوانییەکانیاندا دەگیرێت، لە هەمان ڕۆژدا نووسینگەی ئاژانسی هەواڵی دیجلە لە سۆران دادەخرێت.

لێدان | (7) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	نێچیرڤان حوسێن عەبدوڵڵا کاوین جیهاد	پەیامنێر پەیامنێر	رووداو وار تی ڤی	2014/2/24	دهۆك	لەکاتی رووماڵکردنی یەکێك لە یارییەکان لە یاریگای دهۆك لەلایەن پۆلیسەوە لێیان دەدرێت.
2	ڕێبین عەبدوڵڵا خاڵس فکری	پەیامنێر وێنەگر	KNN	2014/3/6	قەزای سۆران	بە مەبەستی رووماڵکردنی ڕێورەسمی هێنانەوەی رووفاتی 93 ئەنفالکراوی بارزانییەکان، لەلایەن بازگە تایبەتەکانی ئاسایشی بارزان لێیان دەدرێت و لێناگەڕێن کارەکەیان ئەنجام بدەن.
3	شەوکەت قادر لاوی خالید پاراو وەهاب	پەیامنێر وێنەگر پەیامنێر	گەلکوردستان کەرکووك TV	2014/4/10	هەولێر	بە مەبەستی رووماڵکرنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی گروپی گەنجانی یەکێتی، بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لەلایەن ژمارەیەك هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لێیان دەدرێت.
4	نێچیرڤان بابەکر	پەیامنێر	بادینان سات	2014/4/26	ناحیەی موقبل-دهۆك	بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتێك لەسەر ناحیەکە، لەلایەن هێزی پۆلیسی فریاکەوتن لێی دەدرێت.
5	نۆڤار فارس خاڵس فکری	پەیامنێر وێنەگر	KNN	2014/4/28	قەزای سۆران	لەکاتی رووماڵکردنی دەنگدانی تایبەتی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە قوتابخانەی تروسکە، لەلایەن پاسەوانەکانی ئەو بنکەیە لێیان دەدرێت.
6	ڕێبین عەبدوڵڵا خاڵس فکری	پەیامنێر وێنەگر	KNN	2014/4/30	قەزای سۆران	لەکاتی رووماڵکردنی دەنگدانی گشتی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە قوتابخانەی سەهەندی بنەڕەتی، لەلایەن پاسەوانەکانی بنکەکە لێیان دەدرێت.
7	ڕێبین عەبدوڵڵا خاڵس فکری	پەیامنێر وێنەگر	KNN	2014/6/30	قەزای سۆران	بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتێك لەسەر قەیرانی بەنزین، لەلایەن هێزێکی ئاسایش هێرشیان دەکرێتە سەر و لێیان دەدرێت و کامێراکەیان دەشکێنن، دواتریش بۆ ماوەی یەك کاتژمێر رادەگیرێن (توقیف) دەکرێن.

راگرتن (التوقیف) | (1) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	ئەمیر ستار شاکر مستەفا مەولود خالید عەبدولڕەحمان ئەحمەد حەسەن ساڵح ژین مستەفا عومەر محەمەد ئۆرهان سەردار عیسا وەهبی دمیر	رۆژنامەنووس	گ.رۆژی وڵات گ.رۆژی وڵات گ.رۆژی وڵات گ.رۆژی وڵات گ.رۆژی وڵات ئاژانسی دیجلە ئاژانسی دیجلە ئاژانسی دیجلە	2014/5/19	هەولێر دهۆك زاخۆ	بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، لەئاسایشی هەریەك لە شارەکای هەولێر و دهۆك و زاخۆ، رادەگیرێن (التوقیف) دەکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و پێان دەڵێن نابێت کاری رۆژنامەوانی بکەن.

ڕێگەنەدان | (3) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	فەرمان محەمەد بورهان محەمەد	پەیامنێر وێنەگر	NRT	2014/3/7	هەولێر	لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵێك لەسەر رووداوێك لە بازگەی کەسنەزان، لەلایەن ئاسایشیی بازگەکەوە ڕێگەیان نادرێت کارەکەیان ئەنجام بدەن و هەڕهشەیان لێدەکرێت.
2	ئاری سابیر پەیمان عەبدولڕەحمان	پەیامنێر وێنەگر	KNN	2014/4/30	کۆیە	لەکاتی ڕووماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە وێڕای ئەوەی ڕێگرییان لێدەکرێت لە ئەنجامدانی کارەکەیان، کامێراکەشیان دەشکێنرێت و دەستبەسەر کاسیەتەکەش دادەگرن.
3	ئاری سابیر دڵشاد مام تەها	پەیامنێر وێنەگر	KNN	2014/5/17	کۆیە	لەکاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر زیادەڕۆیی، لەلایەن پاسەوانی فەرماندەی فەوجێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێگەنادرێت کارەکەیان بکەن.

هەڕەشە | (5) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	هێرش قادر ئارام عوسمان	پەیامنێر وێنەگر	NRT	2014/3/12	هەولێر	لە پەراوێزی کۆنفرانسێکی ژنان لە ئوتێل رۆتانای لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، کامێرا لە تیمە رۆژنامەوانییەکە وەردەگیرێت و کاسێتەکە دەسڕدرێتەوە، وێڕای ئەوەی قسەی ناشایستەشیان پێ دەگوترێن، دواتر تیمی NRT لە بنکەی پۆلیس سکاڵای یاسایی لەسەر هەریەك لە وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتی دیوان تۆمار دەکات، لێژنەی داکۆکی بەدواداچوونی بۆ ئەم دۆسیەیە کرد و هەریەك لە وەزیری ناوخۆ و بەڕێوەبەری گشتی وێڕای ئەوەی ئامادەیی خۆیان بۆچوونە بەردەم دادگا نیشاندا، جەختیان لەوە کـردەوە کە زیاد لە جارێك بە هێمنی بە پەیامنێری ناوبراو گوتراوە کە لە ئێستادا جگە لە بابەتی کۆنفرانسەکە ئامادەی وەڵامدانەوەی هیچ پرسیارێك نییە، بەڵام ئەو زیاد لەپێویست ئیستیفزازی کردین بۆیە ئێمە ئەو حاڵەتە بە پێشێلکاری یاسایی دانانێین.
2	حەمید مستەفا	بەرپرسی نووسینگە	ئاژانسی‌دیجلە	2014/4/19	سۆران	لەلایەن ئاسایشەوە هەڕەشەی لێدەکرێت کە نابێت ئاژانسی دیجلە بەناوی تۆوە بێت.
3	کامەران محەمەد	پەیامنێر	رۆژنامەی ئاوێنە	2014/4/21	هەولێر	بە مەبەستی ئامادەکردنی راپـۆرتـێك لەسەر سەرژمێری هاووڵاتیان لەلایەن کەسێك کە ئاسایشە بەناوی (هیوا) قسەی نەشیاوی پێدەگوترێت و سوکایەتی پێدەکرێت، رۆژنامەنووسی ناوبراو سکاڵای یاسایی تۆمارکردووە.
4	عیسا رەمەزان کەریم	پەیامنێر	فریلانس	2014/4/30	ناحیەی قەسرۆك	بە مەبەستی رووماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەلایەن کادیرێکی یەکێتی قسەی نەشیاوی پێدەگوترێت و سووکایەتی پێدەکرێت.
5	هێمن مامەند	پەیامنێر	رۆژنامەی ئاوێنە	2014/6/10	هەولێر	دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێك لەژمارە (٤٣٢)ی رۆژنامەی ئاوێنە بەناونیشانی (وەزیـری رۆشنبیری و وەزیری داد بە نایاسایی گەندەڵی بەرپرسێکی پـارتی چارەسەر دەکـەن) لەلایەن سەرۆکی دەستەی گشتی لە پەرلەکانی کوردستان قسەی نەشیاوی پێدەگوترێت و سووکایەتی پێدەکرێت.

ئاماری پێشێلکارییەکانی راپۆرتی 13

لـــە 2014/01/01 تاکو 2014/06/30

ز	جۆری پێشێلکاری	ژمارەی حاڵەت	ژمارەی رۆژنامەنووسانەی کە پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە
1	هەوڵی کوشتن	2	2
2	داخستنی نووسینگە	1	2
3	لێدان	7	14
4	راگرتن	1	8
5	ڕێگەنەدان	3	6
6	هەڕەشە	5	6
	کۆی گشتی	19	38 رۆژنامەنووس

لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان

ز	ناو	کاری لە لێژنە	شوێن	ژمارەی تەلەفۆن
1	حەمید ئەبوبەکر بەدرخان	سکرتێر	هەولێر	0750 455 5878
2	جەمال حوسێن	بڕیاردەر	هەولێر	0750 402 6878
3	خۆشناڤ جەمیل	ئەندام	دهۆك	0750 450 9838
4	سمکۆ عەبدولکەریم	ئەندام	هەولێر	0750 451 0554
5	کاروان ئەنوەر	ئەندام	سلێمانی	0770 156 4382
6	ڤیان عەباس	ئەندام	دهۆك	0750 765 4238
7	مەهدی زریان	ئەندام	کەرکووك	0770 132 8967
8	ئەکرەم سلێمان	ئەندام	نەینەوا	0750 449 9548
9	جەواد کازم	ئەندام	بەغدا	0770 507 8489
10	ئیسماعیل ئیبراهیم	ئەندام	سۆران	0750 460 9787
11	ئارام ئیکرام	ئەندام	کەلار	0770 136 0514
12	ئەمەل باجەلان	ئەندام	گەرمیان	0770 012 9732

حەمید ئەبوبەکر بەدرخان
سکرتێری لێژنە
07504555878
bedirxanpp@gmail.com

جەمال حسێن
بڕیاردەری لێژنە
07504026878
jamal_khailani@yahoo.com

خۆشناڤ جەمیل
ئەندام
07504509838
khoshnav4@hotmail.com

نەخشەسازی: ئەیوب محەمەد بابەکر

هێرشکردنە سەر تیمی کەناڵی رووداو لەلایەن هەندێك لە خۆپیشاندەرانەوە

راپۆرتی 14

لـــە 2014/07/01 تاکو 2014/12/31

کوشتن | (1) حاڵەت

لێدان | (4) حاڵەت

دەستگیرکردن | (2) حاڵەت

راگرتن - توقیف | (2) حاڵەت

ڕێگەنەدان | (2) حاڵەت

سووکایەتی | (1) حاڵەت

هەڕەشە | (2) حاڵەت

راگەیاندنی راپۆرتی 11ی لێژنەی داکۆکی سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری

کوشتن | (1) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	دەنیز فورات	پەیامنێر	روناهیtv	2014/8/8	هەولێر مەخموور	لەلایەن چەتەکانی داعش شەهید کراوە

لێدان | (4) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	ئەیهان سەعید	پەیامنێر	پەیامنێ‌ڤی	2014/7/28	دهۆك	لە شاری دهۆك لەلایەن هەندێك گەنجەوە هێرش دەکرێتە سەری و لێی دەدرێت.
2	هەژار ئەرگوشی محەمەد عزەدین زەردەشت خان	پەیامنێر پەیامنێر وێنەگر	تۆڕی میدیایی رووداو	2014/10/8	هەولێر	لەکاتی رووماڵکردنی خۆپیشاندانی ٣٠ حزبی کوردستان لەبەردەم بارەگای UN لە هەولێر، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هێرش دەکرێتە سەریان و لێیان دەدرێت.
3	رەعد عومەر سەگڤان بەدیع	پەیامنێر وێنەگر	کوردسات نیوز	2014/12/17	زوممار	لەلایەن ئاسایشی زومـمار وێـڕای ئـەوەی بۆماوەی چەند کاتژمێرێت دەستگیر دەکرێن، هێرش دەکرێتەسەر هەردوو رۆژنامەنووس (رەعد عومەر و سەگڤان بەدیع) و لێیان دەدرێت.
4	رۆکان جاف	پەیامنێر	NRT	2014/12/20	سلێمانی	لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو دەرفێنرێت و لێی دەدرێت و هەڕهشەی وازپێهێنانی لێ دەکرێت لە NRT.

دەستگیرکردن | (2) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	نیازی عەلی مەحمود	سەرنووسەر	گ. کۆنترۆڵ	2014/7/23	سلێمانی	بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێرێك دەستگیر کراوە.
2	دلێر عەبدوڵڵا محەمەد	سەرنووسەر	گ. بزاڤ	٢٠١٤/١٢/١١	سلێمانی	بۆ ماوەی پێنج رۆژ دەستگیر دەکرێت.

راگرتن - توقیف | (2) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	ئەکرەم گوڵی عەبدوڵڵا ئەحمەد	پەیامنێر وێنەگر	KNN	2014/12/17	زوممار	لەلایەن ئاسایشی زومـمار بۆماوەی ٤ کاتژمێر (توقیف) دەکرێن.
2	کاروان ڕەحمان احمد	بەڕێوەبەری نووسین	گۆڤاری بزاڤ	2014/12/29	هەولێر	لەسەر سکاڵای جێگری سـەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی سێ سەعات (توقیف) دەکرێت.

ڕێگەنەدان | (2) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	ڕزگار کۆچەر سامی سادق	پەیامنێر وێنەگر	کوردستان ئی ڤی	2014/10/8	هەولێر	لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانی ٣٠ حـزبی کوردستان لەبەردەم بارەگای UN لە هەولێر، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سـەرەڕای ڕێگری کردن لە ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکە، دەست بەسەر کامێراو کەلوپەلەکانیاندا دەگیرێت و دواتر بۆیان دەگەڕێنرێتەوە.
2	شەیما عەبدوڵڵا جاف	پەیامنێر	NRT	2014/10/13	هەولێر	لەلایەن پاسەوانەکانی سەرۆکی حکومەتەوە ڕێگای ڕووماڵکردنی کۆبوونەوەکەی لێدەگیرێت

سووکایەتی | (1) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	هونەر ئەحمەد	پەیامنێر	تۆڕی‌میدیایی ڕووداو	2014/8/31	کەرکووك	سەرەڕای سووکایەتی پێکردنی، لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەش دەردەکرێت.

هەڕەشە | (2) حاڵەت

ز	ناوی رۆژنامەنووس	پیشەی رۆژنامەنووسی	دەزگای راگەیاندن	مێژووی پێشێلکاری	شوێنی پێشێلکاری	جۆری پێشێلکاری
1	کاوێس مەلا پەروێز	بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن	تەلەفزیۆنی باباگورگور	2014/7/23	کەرکووك	هەڕەشەی لێدەکرێت.
2	ئیبراهیم عەلی سەرتیپ قەشقەیی	بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێر دەستەی نووسەران	گۆڤاری لڤین	2014/12/22	هەولێر	هەڕەشەی لێدەکرێت.

چەند تێبینییەك

تێبینی/ لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان، هەموو ئەو پێشێلکارییانە بڵاوەدەکاتەوە، کە لە سنووری هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر رۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند پێشێلکارییەك لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، بە پێویستی دەزانین ئاماژەیان پێ بدەین.

1. رۆژی 2014/7/14 لە شاری بەغدا لەلایەن چەند چەکدارێکی دەمامکدراوەوە، لەڕێگای بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی پۆلیسەوە، هەڵدەکوترێتە سەر بارەگای رۆژنامەی (التآخي) و دەست بەسەر ئەرشیف و دۆسیەی کارگێڕی و سێ ئۆتۆمبێلی دەزگاکەدا دەگیرێت و هەڕەشە لە رۆژنامەنووس و کارمەندانی رۆژنامەکە دەکرێت.

2. رۆژی 2014/10/30 لە شاری پێرسوسی باکووری کوردستان (تورکیا)، لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە هێرش دەکرێتە سەر رۆژنامەنووس (محەمەد ئەرەن) پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کوردستان و لێی دەدرێت.

3. رۆژی 2014/12/17 لەسەر ڕێگای قامیشلۆ - تەلکۆچەر تیمێکی تۆڕی میدیایی رووداو کە پێکهاتبوون لە (فەرهاد حەمۆ/ پەیامنێر، مەسعود عەقیل/ وێنەگر)، لەلایەن داعشەوە دەستگیر کراون.

4. لەکاتی داگیرکردنی شاری موسڵدا، لقی نەینەوای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەلایەن داعشەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

ئاماری پێشێلکارییەکانی راپۆرتی 14

لـــە 2014/07/01 تاکو 2014/12/31

ز	جۆری پێشێلکاری	ژمارەی حاڵەت	ژمارەی رۆژنامەنووسانەی کە پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە
1	کوشتن	1	1
2	لێدان	4	7
3	دەستگیرکردن	2	2
4	راگرتن (التوقیف)	2	3
5	ڕێگەنەدان	2	3
6	سووکایەتی	1	1
7	هەڕەشە	2	3
	کۆی گشتی	14	20 رۆژنامەنووس

بەراوردی ئاماری پێشێلکاری ساڵەکانی 2013_2014

ئاماری پێشێلکارییەکانی ساڵی 2014

لـــە 2014/01/01 تاکو 2014/12/31

ز	جۆری پێشێلکاری	ژمارەی حاڵەت	ژمارەی رۆژنامەنووسانەی کە پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە
1	کوشتن	1	1
2	هەوڵی کوشتن	2	2
3	داخستنی نووسینگە	1	2
4	لێدان	11	21
5	دەستگیرکردن	2	2
6	راگرتن (التوقیف)	3	11
7	ڕێگەنەدان	5	9
8	سووکایەتی	1	1
9	هەڕەشە	7	9
	کۆی گشتی	33	58 رۆژنامەنووس

ئاماری پێشێلکارییەکانی ساڵی 2013

لـــە 2013/01/01 تاکو 2013/12/31

ز	جۆری پێشێلکاری	ژمارەی حاڵەت	ژمارەی رۆژنامەنووسانەی کە پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە
1	تیرۆرکردن	1	1
2	هەوڵی تیرۆرکردن	1	1
3	لێدان	14	35
4	ڕێگەنەدان	14	19
5	هەڕەشە	12	12
6	سووکایەتی	2	2
7	راگرتن (التوقیف)	5	5
	کۆی گشتی	49	75 رۆژنامەنووس

پاشکۆ

بەیاننامەو راگەیەنراوەکانی سەندیکا لە ساڵی 2014

راگەیاندنی راپۆرتی 11ی لێژنەی داکۆکی سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆژنامەگەری

سەندیکای رۆژنامەنووسان داوا دەکات هەڵمەتی هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانە بەڕێوەبچێت

هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و رکابەری لەنێوان لیستەکاندا، بۆ پڕکردنەوەی ئەم ئەنجوومەنانە، بەرگەمی دەستی پێکرد، کە میدیا و کەناڵەکانی راگەیاندن پشکی شێری ئەم هەڵمەتە دەبن، بۆیە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان داوا دەکات کە کەناڵەکانی میدیا و تەواوی رۆژنامەنووسان بەپێی رێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژردنەکانی و میساقی شەرەفی رۆژنامەنووسان و یاسا بەرکارەکان هەڵسوکەوت بکەن و ئەم هەڵمەتە بەڕێوەببەن.

هەروەها ئەنجوومەنی سەندیکا داوا لە هەموو حزب و لیستە رکابەرەکان دەکات، کە هاوکاری رۆژنامەنووسان بن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو و لێوەشاوە رووماڵی رووداوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەن، تا ئەوپەڕی رووماڵکردنی پێشێلکاری و بانگەشەی هەر لیستێکیش کە لە دواجار رۆژنامەنووسان ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ دەگەیەنن، داواش لدەکەین کە کۆمیسیۆن هاوکاری و ئاسانکاری بۆ رۆژنامەنووسان بکات و لەمەشدا سەندوقێکی تایبەت بە دەنگدانی رۆژنامەنووسان بکاتەوە، بەهۆی پابەندی و جۆری کارەکەیان لە رۆژی دەنگدان.

هەروا ئەنجوومەنی سەندیکا خوازیارە کە پێشێلکاری و رێگری لە هیچ رۆژنامەنووسێك و کەناڵێکی راگەیاندن نەکرێت و ئەگەر هەر زیادەڕۆییەك هەبوو با یاسا سەروەر بێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هیوای هەڵمەتێکی راگەیاندنی دیموکراتییانەو مەدەنییانە دەخوازێت بۆ هەموو لایەك کە تێیدا کا رو پیشەو گیانی رۆژنامەنووسانی تێدا پارێزراو بێت و رووێکی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی بە جیهان پیشان بدەین.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
1ی نیسانی 2014

لێژنەی داکۆکی پرۆتستۆی داخستنی نووسینگەی گۆڤاری رۆژی ولات و ئاژانسی هەواڵی دیجلە دەکات

رۆژی 2014/5/19 هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە (هەولێر و دهۆك و زاخۆ) دەستیان گرت بەسەر بارەگای پارتی چارەسەری کە هاوکات نووسینگەی گۆڤاری رۆژی ولّات و ئاژانسی هەواڵی دیجلە لەنێو بارەگاکانی (پارتی چارەسەر)ییە، دەستیان بەسەردا گیرا و داخران.

ئێمە لە لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئیدانەی ئەو کارە دەکەین، کە پێشێلکاری راستەوخۆی یاسای رۆژنامەگەرییە لە کوردستان، چونکە بەپێی یاسا (رۆژنامە قەدەغە ناکرێت و دەستی بەسەردا ناگیرێت) بەتایبەتیش گۆڤاری رۆژی ولات بە فەرمی لە چوارچێوەی یاسا لە سەندیکا ژمارەی متمانەی پێدراوە.

هەروەها داواکارین لەلایەنە بەرپرسەکان هەرچی زووە لە چوارچێوەی رێکارە یاسییەکان رێگە بە میدیاکارانی رۆژی ولات و ئاژانسی هەواڵی دیجلە بدرێت، ئازادانە کاری رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی خۆیان ئەنجام بدەن.

لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان
هەولێر 2014/5/21

سەندیکای رۆژنامەنووسان وIFJ
بانگەوازێك لەسەر سەلامەتی پیشەیی و ئەرکی نیشتمانی میدیاکاران بلاّودەکاتەوە

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و مەکتەبی سەلامەتی پیشەیی یەکێتی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانی ، لەمەڕ تەنگژە سەربازییو ئەمنییەکانی ئەم دواییەی عێراق رێنمایی سەبارەت بە سەلامەتی پیشەیی و پرۆفیشنالّی کاری رۆژنامەنووسی و ئەرکی نیشتمانی رۆژنامەنووسان لەم ئان و ساتەدا دەردەکات.

سەبارەت بە سەلامەتی پیشەیی: داوا دەکەین کە بەشێوەیەکی جدی سەلامەتی پیشەیی کاری رۆژنامەنووسی لەبەرچاو بگرن لەکاتی راپەڕاندنی کاری رۆژنامەنووسی رۆژانەییان و بەشێوەیەك بەپێی رێنماییە ئەمنیی و سەربازییەکان هەڵسوکەوت بکەن، هەروەها پێویستە لەجل وبەرگ و باجی پێویستی سەلماندن و ناساندنی رۆژنامەنووسی پێبێت.دیسان لەگەڵ ئەوەشدا، سەندیکا و مەکتەبی سەلامەتی پیشەیی داوا لە رۆژنامەنووسان دەکەن کە چی پێویست بێت بۆ کردنەوەی خولی سەلامەتی پیشەیی ئەوا دەتوانن پەیوەندی بە هەردوو لایەنی پێویست بکەن بۆ بەشداریکردن و راهێنانیان لەسەردەستی پسپۆرانی شارەزای نێودەوڵەتی.

سەبارەت بە پرۆفیشنالّی کاری رۆژنامەنووسی: سەندیکا وای دەبینێت کە پێویستە رۆژنامەنووسان خۆیان لەپێدانی ئەحداسیاتی ناوچەکانی سەربازی و ئەمنی و بەرەکانی شەڕ لەراپۆرتەکانیان بەدوو بگرن، ئەمەش بۆئەوەی هێزەکانی بەرامبەر لێ سوودمەند نەبێت و ناوەڕۆکی راپۆرتەکان و وێنەکان بۆ هێرشی پێچەوانە بەکار نەهێنێت.

سەبارەت بە ئەرکی نیشتمانی رۆژنامەنووس: سەندیکا داوا لەهەموو رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی میدیای کوردستان دەکات ، لەم قۆناغەدا، کە سەلامەتی خاکی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتیانی لەبەردەم مەترسی تەشەنەکردنی دواین تەنگژەکانی ئەم دواییەی عێراق و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەئاردایە، کە لەئاستی ئەو مەترسیانە بن و رۆژنامەنووسیش وەك هەر هاوڵاتییەکی دیکەی ئەرکی نیشتمانی لەسەرەو پێوستە ئەم ئەرکە لەکارە رۆژنامەنووسیەکانیان رەنگ بداتەوە، بەجیاوازی سیاسەتی راگەیاندنی هەر کەناڵێکی میدیایی.ئەمەش ناوەڕۆکی یاسایی سەندیکای رۆژنامەنووسان و یاساکانی دیکەی بەرکار داوای جێ بەجێکردنی دەکات.

سەبارەت بە ئازادی کاری رۆژنامەنووسی: سەندیکای رۆژنامەنووسان داوا لەهەموو لایەنە بەرپرسە ئەمنی و سەربازییەکان دەکات کە رێز لەئازادی کاری رۆژنامەنووسان بگرێت و رێنمایی روون و پێویست بۆ ئاسانکاری زووبەزوو بەهەموو دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان رابگەێنێت بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی رۆژنامەنووسی.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
مەکتەبی سەلامەتی پیشەیی IFJ
16 یۆنیۆ/ حزیران 2014

بەرامبەر دەستدرێژییەکەی رۆژنامەی (التآخی)
لقی بەغدای سەندیکا نارەزایی دەردەبڕێت

رۆژنامەی (التآخی) سەر لە ئێوارەی رۆژی دووشەممە (14ی تەموزی – 2014)، لەلایەن چەند چەکدارێکی دەمامکدارەوە هێرشێکی درندانەی کرایە سە، لەم دەستدرێژییەدا چەداران (3)ئوتومبێلی پۆلیسیان بەکارهێنابوو، هەرەشەیان لە رۆژنامەنووسان و فەرمانبەرانی رۆژنامەکە کردبوو کە نابێت بە هیچ جۆرێك ئەم رۆژنامەیە لە بەغدا دەربچێت، هەروەها دەستیان بەسەر چەندین دۆسێی کارگێری و دارایی و ئەرشیف و (3) ئوتومبێلی رۆژنامەکە گرت.

ئێمە لە کاتێکدا نارەزایی دەردەبرین و ئیدانە ئە دەستدرێژییە بە تووندترین دەستەواژە دەکەین، پێمان باشە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم دەزگا رۆژنامەنووسییە مێژوویەکی دوورو درێژی لە تێکۆشان دژی دیکتاتۆریەت و سەپاندنی دەسەڵات و ستەمدا.. هەر لە شەستەکانی سەدەی رابدروو تاکو رووخانی رژێمی سەدامی شۆڤینی هەیە و درێژەی بەم تێکشانەشی دا لە پێناو داکۆکیکردن لە ئازادی و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی بووە پردی پەیوەندی لە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا بە درێژایی زێدەتر لە (دەیەیەك),

داوا لە سەرجەم دەستەی دەزگا حکومییەکان و میللیەکان و مەدەنییەکانی عێراقی و نێودەوڵەتی دەکەین، کە ئیدانەی ئەم دەستدرێژییە بۆ سەر ئازادی بیروڕا بکەن، کە دەبێتە دەستپێخەرییەکی مەترسیدار بۆ کپکردندی ئەو دەنگانەی داکۆکی لە ئازادی و دیموکراسیەت و فرەیی لە عێراقی نوێدا دەکەن، ئەو عێراقە نوێیە کە گەلانی عێراق رووبارێك لە خوێن بۆ هێنانە دی داوە.

هەروەها داواکارین لە دەزگا ئەمنیە فەرمییەکان زوو بو زوو رێکاری پێویست بگرنە بەرو ئەم گروپە لە رێلادەرە دەستگیر بکەن، بێگومان ئەمانە دەیانەوێت ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکبدەن و درز بخەنە نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراق بە عەرەب و کورد و تورکمان و کرستیان و پێکهاتە ئایینی و مەزهەبییەکانی دیکەشەوە، بێدەنگی بەرامبەر ئەم دەستدرێییە مانای رازیبوون دەبەخشێت، بۆیە پێویستە هەموومان هەڵوێستی گونجاومان بەرامبەری هەبێت.

ئاواتە خوزاین رۆژنامەنووسان و کادیران و کارمەندانی رۆژنامەی (التأخی) سەلامەت بن لە کارە داهێنەرکانیان بەردەوام بن و بەر زووترین کات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە پێناو خزمەتکردنی گەلانی عێراق بە گشتی بگەڕێنەوە.

لقی بەغدای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
15/ تەموز /2014

بەیاننامەی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەبارەت بە شەهیدکردنی رۆژنامەنووس (دەنیز فورات)

رۆژی 2014/8/8 لە شارۆچکەی مەخموور (هەولێر) لەبەرامبەر ناحەزان و نەیارانی ئازادی و دیموکراسی و ئاوەدانی، لە شەڕێکی دەستەو یەخەی پێشمەرگەکانی کوردستان، رۆژنامەنووسان و میدیاکاران و راگەیاندنکارانیش وەك داکۆکیکارێکی سەرسەخت لە خاك و نیشتمان و نەتەوە لە بەرامبەر چەتەو تیرۆریستانی داعش، بێدەنگ نەبوون و بڕیاری بەرگریکردنیاندا لە دژی ناحەزانی کوردو کوردستان.

گەریلا و میدیاکار و رۆژنامەنووسی باکووری کوردستان (لەیلا نایف حەمید) ناسراو بە (دەنیز فورات) چووە ریزی کاروانی شەهیدانی بەرگریکردن لە لە خاکی کورد و کوردستان. ئەو لەشاری (وان)ی باکووری کوردستان لەدایکبووەو چوارەم شەهیدی بنەماڵەکەیەتی، مخابن لە شارۆچکەی مەخموور (هەولێر) لەبەرامبەر بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان هعاتە شەهیدکردن. شایانی باسە دەنیز فورات ئەندامێکی ئەکتیڤ و راگەیاندنکارێکی پارتی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان () و لە هەمانکاتیشدا پەیامنێری (رۆناهی، نوچە، نەورۆز، ستێرك تی ڤی) بووە وەك میدیاکارێکیش لە بڵاوکراوەی رۆژهڤ درێژەی بەکاری رۆژنامەنووسی خۆیداوە.

بەناوی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پرسەو سەرەخۆشی خۆماتن ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان و بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی کەمپی مەخموور دەکەین.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
2014/8/9

بەیاننامەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبارەی هێرشکردنە سەر کەناڵەکانی راگەیاندن

ئێوارەی رۆژی 2014/10/8، لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانێك کە لەلایەن زیاتر لە 30 حزبی کوردستانییەوە لەبەردەم بارەگای UN لە شاری هەولێر، بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و هاوخەباتی کۆبانێ ڕێکخرابوو، لەلایەن چەند کەسێکی نابەرپرس و گێرەشێوێن، هێرش دەکرێتە سەر تیمی کەناڵی ڕووداو (محەمەد عزەدین/ پەیامنێر هەژار ئەرگوشی/ پەیامنێر، زەردەشت خان/ وێنەگر)، هەروەها دەستبەسەرکردنی کامێرای رزگار کۆچەر، ئەندامی لقی هەولێری سەندیکا و پەیامنێری کوردستان تی ڤی و سامی سادق وێنەگری هەمان کەناڵ و چەند کەناڵێکی دیکە.

هەروەها هێرشکەران بەبەرچاوی پەرلەمانتاران و 30 حزبی کوردستانی و بەبەرچاوی کامێراکانی میدیای ناوخۆ و دەرەوە، بەدار و شەلاق دەکەونە سەر و پۆتەڵاکی میدیاکارانی ڕووداو تەنانەت کاتێك رائیدی پۆلیس (کاروان عەبدولکەریم) هەوڵی رزگارکردنی هەژار ئەرگوشی دەدات، کە بەرێنداریش هەوڵ دەدەن هێرش بکەنە سەری، دوور لە هەموو بنەمایەکی قانوونی و ئەخلاقی.

هەموو ئەو میدیاکارانە بۆ ئەوە لەوێ بوون دەنگی ناڕەزایی و هاوخەباتی پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ شاری کۆبانێ تێکۆشەر بگوازنەوە، کە ئەم پێشێلکارییە جگە لەوەی سەرپێچییەکی ئاشکرای یاسای رۆژنامەگەری بوو، کارێك بوو دژی هەموو یەکڕیزییەکی خەڵکی کوردستانە بۆ هاوخەباتی خەڵکی کۆبانێ.

ئێمە لە لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی لە سەندیکای رۆژنامەنووسان، دام و دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەرپرسی یەکەم دەزانین، داوا دەکەین بەزووترین کات پێشێلکاران بدەنە دادگا و ڕێگا نەدرێت چەند کەسێکی گێرەشێوێن، لەم هەلومەرجە ناسك و مەترسیدارە، گەمە بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بکەن و ئازادییەکانی میدیا تەسك بکەنەوەو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان سارد بکەنەوە.

لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان
هەولێر 2014/10/9

راگەیەنراوی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی سەبارەت بە پەلاماردانی پەیامنێری کوردستان تی ڤی KTV

سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە 2014/10/30 لە شاری (پرسوس)ی تورکیا، رۆژنامەنووس (محەمەد ئەرەن) پەیامنێری کوردستان تی ڤی KTV و کە لە هەمانکاتدا ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، لەلایەن جەندرمە و پۆلیسەکانی تورکیا لە کاتی ڕووماڵکردنی گەیشتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ، دەکەوێتە بەر پەلامار و لێدان و سوکایەتی پێکردن، لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە تووندی ئەو کارە دوور لە ئیتیکی مافی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی کاری رۆژنامەنووسی ئیدانە دەکات و بە بیر دەوڵەتی تورکیا دەهێنێتەوە کە ئەوە چەندین جارە مافی رۆژنامەنووسان پێشێل دەکات و لە هەمانکاتیشدا تورکیا لەو بوارە تۆمارێکی ڕەشی لە پێشێلکاری دژ بە مافی رۆژنامەنووسان هەیە بە ئاخنینی رۆژنامەنووسانی ئازاد و هەموو دەنگە ئازاو ئازادەکان لە کونجی زیندان.

ئێمە ئەم راگەیانراوە دەخەینە بەردەم رای گشتی ناوخۆ و دەرەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیا سنووربڕێك بۆ ئەو کارە دژ بە مرۆڤایەتییە دابنێت و داواش لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) و هاوکارانمان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی تورکیاو سەرجەم ڕێکخراو و ناوەندە کاراکانی بواری رۆژنامەنووسیی لەو وڵاتەدا دەکەین، هەماهەنگی هەڵوێستی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات، بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی تورکیا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مافی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسیی لەو وڵاتەدا پێشێل نەکرێت.

لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان
2014/11/2

بەیاننامەی ناڕەزایی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەبارەت بە رفاندنو ئەشکەنجەدانی رۆژنامەنووس (رۆکان جاف)

رۆژنامەنووسان.. راگەیاندنکارانی کەرکوك

هەڕەشەو دەستدرێژیکردنە سەر رۆژنامەنووسان و تیرۆرکردنیان و دواتریش دیزە بە دەرخۆنەکردنی تاوانەکان بە پاساوی جودا جودا بۆتە دیاردەیەکی ئاشکراو ناوە ناوە لێرەو لەوێ بەبەرچاوی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و هێزەکانی دیکەی حکومەتەوە ئەنجام دەدرێن و بە تێپەڕبوونی کات و دەستی دەستی کردن بە خانەوادەو کەسوکاری قوربانیانیش، هەوڵی کاڵکردنەوەی تاوانەکان و شاردنەوەیان دەدەن. هەر لە درێژەی ئەو تاوانانەدا، رۆژی شەممە رێکەوتی 20ی کانونی یەکەمی 2014 لەناو شاری سلێمانی و لە نزیك تەلاری هونەر سێ کەس رۆژنامەنووس (رۆکان جاف) پەیامنێری کەناڵی N.R.T دەڕفێنن‌و دوای هەڕەشەی کوشتن لێی لە سلێمانییەوە بەرەو ناوچەی چیمەنی نزیك شاری کەرکوکی دەهێنن و لەوێ بەجۆرەها شێوە ئازارو ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی دەدەن و جامی ژۆژۆمبیلەکەیشی دەشکێنن. بەپێی زانیارییەکانی لقی کەرکوك هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکەن ئەگەر دەستبەرداری ئەو دۆسێیانە نەبێت کە کاری لەسەر دەکات، ئەوا نەك خۆی، بەڵکو ماڵ و منداڵەکەیشی دەکوژن. دواتر جارێکی دیکە زۆر بێ منەتانە بە بریندارى و بە جلوبەرگی خوێناوییەوە بە هەردوو بازگەی نێوان کەرکوك- سلێمانیدا دەیبەنەوە بۆ سلێمانی.

ئێمە وەکو لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە هەر گۆشەنیگایەکەوە لێکدانەوە بۆ ئەم کارە قێزەون و دەستدرێژییە نا مرۆڤانەو ناشارستانییە دەکەین، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەنجامدانی تاوانێکی وا ترسناك و تێپەڕبوونی تاوانباران بە قوربانییەکەیانەوە بە دوو بازگەو بۆ دووجار لە چەند کاتژمێرێکی کەمدا، جگە لە بوونی مافیایەکی ئەزموندارو خاوەن بەرنامە بەولاوە هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت. چونکە ئەگەر تا ئێستا تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان و رفاندنیان بەشێوەیەکی کتوپڕو لەناکاو بووە، بەڵام ئەم تاوانەی دژی رۆژنامەنووس (رۆکان جاف) ئەنجامدراوە، تاوانێکی جیاوازەو لێکدانەوەی زۆرترو زیاتر هەڵدەگرێت کە دەبێ دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیسی سلێمانی و کەرکوك خوێندنەوەی وردتر بۆ تاوانەکە بکەن و شێلگیرانەو راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی پشت ئەو تاوانە بدەنەوە.

هەروەها بەپێی زانیارییەکانی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، خودی دەزگای نالیاش وەکو پێویست بەدواداچوونیان بۆ کێشەکە نەکردووەو پەرۆشی گیان و ژیانی رۆژنامەنووسەکەیان نەبووە، چونکە دوای چەندین هەوڵی پەیوەندیکردنی سکرتێری لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە بەرپرسانی دەزگاکەوە، نەتوانراوە هیچ زانیاری و هەڵوێستێك وەربگیرێت.

بۆیە وەکو لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، وێڕای شەرمەزارکردن و لەقاودانی ئەو تاوانە ترسنۆکانەیە، پاراستنی گیانی رۆژنامەنووس (رۆکان جاف)و خانەوادەکەی دەخەینە ئەستۆی لایەنە پەیوەندیدارەکان و داواش دەکەین بەدواداچوونی شێلگیرانە بۆ ئەو پرسە بکرێت و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانەش سزا بدرێن، ئەگەرنا ئێمە وەکو لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ناچار دەبین هەڵوێستی توندتر بگرینەبەر، چونکە ئەنجامدانی تاوانی لەمجۆرە پرسی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕین و رۆژنامەگەری لە باشووری کوردستان دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە.

لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
22/12/2014

دەقی کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان ئەنجوومەنی دادوەری و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان 2011/2/17

رۆژی 2011/2/17 لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە باڵەخانەی ئەنجومەنی دادوەری کۆبونەوە لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەن و ئامەدەبوونی بەرێزان سەرۆکی هەریەك لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکانی (هەولێر/ دادوەر شاکر شەریف)، (سلێمانی/ دادوەر لەتیف عوسمان)، (دهۆك/ ج.س دادوەر ستار صوفی حامد)، (گەرمیان/ (کەرکوك لە سلێمانی)/ دادوەر ئەکرەم فەرەج) و وتەبێژی فەرمی ئەنجومەنی دادوەری و بەرێوەبەری راگەیاندن لەگەڵ سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەرێز (حامد محمد علی) و بەرێزان (ئازاد حمد امین) سکرتێری لقی هەولێرو بەرێز (ئاسۆس هەردی/ رۆژنامەی ئاوێنە)، بەرێز (فاروق عەلی/ کەناڵی پەیام) و بەرێز (ئاسۆ حەمید/ کەناڵی سپێدە) و بەرێز (دلێر محمد شەریف/ رۆژنامەی رێگای کوردستان) ئەنجامدا، بۆ گفتوگۆکردن و گۆرینەوەی بیرو را سەبارەت بەو گیروگرفتانەی دووچاری رۆژنامەنووسان دەبێتەوە و پیادەکردنی یاسای کاری رۆژنامەنووسی ژمارە (35) و لەسەر ئەم خاڵانە کۆکبوون:

1. یاسا سەروەرو لەسەر هەموو کەسێك جێ بەجێ دەکرێ و راڤەی (حصانە) بەراڤەی پێچەوانە بەکار نەیەت , هەموو کەس لەبەردەم یاسا یەکسانن بە پێی دەستور .
2. یاسای کاری رۆژنامەگەری ژمارە (35) اەلایەن دادگاکان بەوردی پەیرەو بکرێ .
3. لە هەر ناوچەیەکی تێهەڵچوونەوە نوێنەری سەندیکاری رۆژنامەنووسان دەستنیشان بکرێ بۆ هەماهەنگی لەگەڵا سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ئەو ناوچەیە .
4. لە کاتی پێراگەیاندنی هەر رۆژنامەنووسێك لە رێگەی هەمان گۆڤار یا رۆژنامە کە بابەتی بڵاوکردۆتەوە پێراگەیاندنی ئەنجام بدرێ و لە ماوەی یاسایی وەڵامی دادگای تایبەتمەند بدرێتەوە و سەندیکای رۆژنامەنووسانیش ئاگادار بکرێتەوە .
5. هەر رۆژنامەنووسێك پێراگەیاندنی یاسایی کرا دەبێ لە ماوەی یاسایی لەبەردەم دادگای تایبەتمەند ئامادەبێ و سەرپێچی نەکا تا دادگا ناچارنەبێ پەیرەوی مادەی (97) لەیاسای (أصول المحاکمات الجزائیه) بکا .
6. لە کاتی دادگایکردنی هەر رۆژنامەنووسێك و حوکم کردنی بە تاوانی (غرامە) دان پێویستە رۆژنامەنووسەکە پابەندی بریاری دادگابێ تا دادگا ناچار نەبێ پەیرەوی مادەی (97) لە یاسای سزاکان (قانون العقوبات) بکا .
7. دادگاکان پەنا نەبەن بەر دەرکردنی بریاری دەستگیرکردن (أمر قبض) یاگرتنی (توقیف)ی نا پێویست لە تاوانەکانی سەرپێچی (مخالفه) و کەتن (جنح) بۆ هاوڵاتیان بەگشتی و بۆ رۆژنامەنووسان بە تایبەتی.
8. هەر تۆمەتباربێك کە سکاڵای لەدژی تۆماربکرێ لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتێك دادگاکان لە سەندیکای رۆژنامەنووسان بپرسن کە ئەو کەسە رۆژنامەنووسە یان نا؟ و ئەگەر رۆژنامەنووس بوو سەندیکای لێ ئاگادار دەبێتەوە و دەبێ وەڵاکی دادگا بداتەوە بەزووترین کات و لەماوەی یاسایی .
9. کێشی تایبەت بە رۆژنامەنووسان لە دادگا سزایی و شارستانیەکان پەلە لە یەکلایکردنەوەیان بکرێ .
10. لە کاتی بوونی دوو دەقی یاسایی سەبارەت بە هەرکێشەێك بە تایبەتی لە سکاڵاکانی دژ بە رۆژنامەنووسان کام دەقی لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووس پیادە بکرێ (قانون الاصلاح للمتهم).

بەم شێوەیە کۆبوونەوەك کۆتایی هات و کۆنوس واژوو کرا .

دادوەر أحمد عبدالله زبیر
سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری

حامد محمد علی
سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسان

گردبوونەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەردەم کونسوڵخانەی فەرەنسا و لەدژی هێرشکردنە سەر گۆڤاری (شارلی هیبدۆ) خوێندنەوەی بەیاننامەی ئیدانەکردنی هێرشە تیرۆریستییەکە

تقرير الانتهاكات

13
14

لجنة الدفاع عن الحريات الصحفية وضمان حقوق الصحفيين في اقليم كوردستان

من 2014/01/01
الى 2014/12/31

www.kurdjs.com
kurdjs@kurdjs.com

twitter.com/Kurdjs

facebook.com/Rozhnamanoosan

التقريران 13ـ14 للجنة الدفاع عن الحريات الصحفية وضمان حقوق الصحفيين في كوردستان للسنة 2014

من 2014/01/01
الى 2014/12/31

مقدمة

ان اتساع مساحة الحريات العامة وحريات الرأي والتعبير وحرية الصحافة، يعد عاملا رئيسا لتطوير العملية الديمقراطية وبناء المجتمع المدني الذي تتجسد فيه حقوق الأنسان.

